پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەیانی ئەنجامدەدا، وهەندێک ئافرەتی ئیماندار ئامادەی نوێژکردنەکە دەبوون، وبە چارشێوەکانیان خۆیان دادەپۆشی وپاشان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان وکەس نەیانی دەناسی بەهۆی تاریکیەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی بەیانی ئەنجامدەدا، وهەندێک ئافرەتی ئیماندار ئامادەی نوێژکردنەکە دەبوون، وبە چارشێوەکانیان (عاباکانیان) خۆیان دادەپۆشی وپاشان دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان وکەس نەیانی دەناسی بەهۆی تاریکیەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات هەندێک لە ئافرەتان لە هاوەڵان خۆیان دادەپۆشی بە عابا وچارشێوەکانیان (بە جلە باڵاپۆشەکانیان) وئامادەی ئەنجامدانی نوێژی بەیانی بوون لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ولە پاش ئەنجامدانی نوێژ دەگەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، وتاریکی شەو تێکەڵی ڕۆشنایی بەیان دەبوو، بەڵام ئەوەی سەیریانی بکردایە نەیانی دەناسی چونکە هێشتا تاریکی شەو لە ئاسماندا مابوو، وئەم فەرموودە ئاماژە کردنی تێدایە بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی لە سەرەتای کاتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3539